# عومەر مەجید لە یاریدەدەری راهێنەری هەولێر نەما و پۆستێکی دیکەی وەرگرت

دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر لە کۆبوونەوەی خۆیدا بەفەرمی بڕیاری دەستنیشانکردنی عومەر مەجید یاریدەدەری راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی هەولێر دەرکرد وەکو بەڕێوەبەری تیپەکە بەمەبەستی راسپاردنی کاروباری کارگێڕی لە خولی عێراق و جامی یەکێتیی ئاسیادا، هەروەها ببێتە پردێك لە نێو دەستەی کارگێڕی و دەستەی راهێنەران و یاریزانانی تیپەکە، لە هەمان کاتدا دەستەی کارگێڕی بڕیاری دا هیچ کەسێك لە شوێنی عومەر مەجید وەکو یاریدەدەری راهێنەر دەستنیشان نەکات، دوای ئەم بڕیارە دەستەی راهێنەرانی تیپی تۆپی پێی یانەی هەولێر بەم شێوەیە پێکهات: نەزار مەحروس راهێنەر، فەواز مەندۆ یاریدەدەری راهێنەر، سامر ریحانی راهێنەری گۆڵچی، ئەحمەد رامی راهێنەری لێهاتووی جەستەیی، شایەنی ئاماژە پێکردنە عومەر مەجید خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی و ماوەی زیاتر لە ٢٢ساڵە وەکو گۆڵچی و یاریدەدەری راهێنەرو راهێنەر خزمەتی یانەی هەولێری کردوە.



## گۆڕەپان ومەیدانی پێشمەرگەی سلێمانی خۆی بەهێزدەکات

تیپی گۆڕەپان و مەیدانی پێشمەرگەی سلێمانی بە سێ کچە یاریزانی ئەو یارییە ڕیزەکانی تۆکمەتر دەکات .

بە پێی گرێبەستێك هەریەکە لە یاریزانانی پێشووی گۆڕەپان و مەیدانی پێشمەرگەی هەولێرو سیروانی نوێ ( نور حوسێن و زەینەب حوسێن و ڕۆژین سەعدی ) ڕوویان لە تیپی گۆڕەپانی مەیدانی کچانی پێشمەرگەی سلێمانی کردو مەشقەکانیشیان لە گەڵ ئەو تیپە دەستپێکرد.

بێستون سەدیق ڕاهێنەری ڕمەکان لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئەوەی خستە ڕوو کە هەر یەکە لەو یاریزانانە ئاستێکی باشیان هەبووە، زەینەب لە بازی بەرز، نور لە هەڵدانی ڕم و ڕۆژین یاریزانی ماوە خێراکانە،بۆیە ئێستا بەهۆی ئەوەی لە ڕابردوو مەشقیان کەمتر بۆتەوە کاری کردۆتە سەریان، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ مەشقەکانیان چڕکردۆتەوە و ئاستیان لە هەڵکشاندایە .

لەلای خۆیەوە نور حوسێن یاریزانی نوێی پێشمەرگەی سلێمانی خۆشحاڵی بەوە نیشاندا کە ڕووی لەو تیپە بەهێزە کردووە و ئەوەشی خستە ڕوو کە ئەوان مەبەستیان بەدەستهێنانی ئەنجام و ژمارەی بەرزە لەو ڕوانگەیەشەوە چوونەتە ڕیزەکانی پاڵەوانی عیراقەوە .





# هەولێر بەشداریی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا دەکات

یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا بەفەرمی نووسراوێکی ئاراستەی یانەی هەولێر کرد و تەئکیدی لەوە کردەوە کە یانەی هەولێر دەتوانێت بەشداری لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا بکات، کە بڕیارە لە مانگی ١٢ تیروپشکی ئەم پاڵەوانێتییە ئەنجام بدرێت.

لەم نووسراوەدا یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا تەئکید لەوە دەکاتەوە کە هەردوو یانەی هەولێر و کوەیت یارییەك ئەنجام دەدەن، ئەگەر لەم یارییەدا هەر سەرکەوتنی بە دەستهێنا ئەوە دەچێتە یارییەکانی قۆناغی کۆمەڵەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا و دۆڕاوی یارییەکە دەچێتە جامی یەکێتیی ئاسیا بۆ وەرزی داهاتوو.

لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا، هەریەکە لە یانەکانی وڵاتانی قەتەر و ئیمارات و ئێران و ئۆزباکستان و سعودیە لە ڕۆژئاوای ئاسیا بەشداری تێدا دەکەن و چاوەڕوان دەکرێت یانەی هەولێر لەگەڵ یەکێك لە یانەکانی ئێران یاخود ئۆزباکستان یاخود ئیمارات یاری پاڵاوتن ئەنجام بدات، لەبارەی ئەم پاڵەوانێتییەش بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی « ئێمە زۆر خۆشحاڵین وەکو یانەی هەولێر بتوانین بەشداریی یارییەکانی جامی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا بکەین وئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، ژمارەیەك یاریزانی بەتواناش دەهێنینە ریزی یانەکەمان.بڕیاریشە ٦ی ئەم مانگە تیروپشکی یانەکان لە وڵاتی مالیزیا ڕابکێشرێت.



## هیمداد عەلی : پاش ڕێگرتن، ئاڵای کوردستانم بەرزکردەوە

دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابردودا توانی لە نێو زیاتر ٧٠ وڵاتی جیهان لە دوورگەی کیش بەشداری پاڵەوانێتیی یارییە بەرگرییەکانت و دوو مەدالیاش بباتەوە .یاریزانی وشو کۆنگفۆی کوردو هەڵبژاردەی عێراق ( هیمداد عەلی ) پێش پاڵەوانێتییەکە ئۆتۆمبیلەکەی فرۆشت .

لەو بارەیەوە هیمداد رایەیاند» من لە پێناو خۆم و ناوی کوردستان بە درێس و ئاڵای کوردستانەوە بەشداریم لەو پاڵەوانێتیە کردووە کە لە ئێران سازکراو چەندین جار هەوڵیان دا ڕێگریم لێبکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵاکە بەڵام من توانیم بەرزی بکەمەوە .

هیمداد وتی ئێستا بڕوانامەی دیبلۆمی ئەو یارییەم هەیە بەڵام بەداخەوە بۆ بەشداریکردن لەو پاڵەوانێتییە ئۆتۆمبیلەکەی خۆم کە لە جۆری ( نیسان- ئاڵتیما ) بوو فرۆشتم و تا بتوانم بەشداری بکەم.

## قەرەداغ پاڵەوانی وشوکۆنفۆی سلێمانی بوو



بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی وشوکۆنفۆ لە شاری سلێمانی و دەوروبەری وگرنگی دانی زیاتر بەم یارییە، بەسەر پەرشتی یەکێتیی وشوکۆ فۆی لقی سلێمانی پاڵەوانێتیی وشوکۆنفۆی یانەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری لە هۆڵی یارییە بەرگرییەکانی قرگە ئەنجامدرا، بەبەشداریی ژمارەیەکی زۆری یانەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری پاڵەوانێتییەکە بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتیەکەشدا کە ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی یانەکان بەشداربوو، ململانێی بەهێزیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتییەکە،ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیە بوو.

١-یانەی قەرەداغ
٢-کلیلی دەروازە
٣-یانەی بەختیاری

# بەوێنە ئۆتۆمبێلە وەرزشیەکانی کریستیانۆ رۆناڵدۆ بناسە
















زۆربەی هاندەرانی وەرزشی و هەوادارانی یانەی ریال مەدرید و کریستیانۆ رۆناڵدۆ، تەنیا سەیری ئاست بەرزیی ئەم یاریزانە دەکەن و رەنگە هەندێك زانیاریی تایبەتی دەربارەی ئەم یاریزانە نەزانن، بەتایبەتی کاتێك ئەم یاریزانە زۆر حەز لە ئۆتۆمبێلی وەرزشی دەکات تا رادەیەك لە ماوەی ٦ ساڵدا ١٨ ئۆتۆمبێلی گرانبەهای وەرزشی گۆڕیوە، بەپێویستمان زانی بە وێنە ئەم ئۆتۆمبیلە وەرزشییانەی کریستیان رۆناڵدۆ بڵاوبکەینەوە.

١-بنتلی کۆنتینتاڵ جی تی سی ئەم ئۆتۆمبێلەی لە ساڵی ٢٠٠٧ بەکار دەهێنا کاتێك یاریزانی یانەی مانچستەر یۆنایتد بوو.

٢-لە ساڵی ٢٠٠٧ لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەت لە شاری مادێرای پورتوگالی ئۆتۆمبێلێکی مەرسیدس بینز سی کلاس سپۆرتس کۆپیە بەکارهێنا.



٣-ئۆتۆمبێلی پۆرش ٩١١ کاریرا تو ئێس کابۆرلیە لە ساڵی ٢٠٠٩ رۆناڵدۆ ئەم ئۆتۆمبێلەی بە بڕی ٧٠ هەزار جونەیهی ئەسترلینی فرۆشت.

٤-لە ساڵی ٢٠١١ ئۆتۆمبێلێکی مازیراتی گران کابریۆی بەکار دەهێنا، کە نرخەکەی بە بڕی ٩٨ جونەیهی ئەسترلینیە.

٥-لە ساڵی ٢٠٠٩ ئۆتۆمبێلێکی جۆری بینتلی جی تی سپێد بە بڕی ١١٤ هەزار جونەیهی ئەسترلینی فرۆشت.

٦- رۆناڵدۆ ئۆتۆمبێلێکی جۆری پۆرش کابین بە بڕی ٣٥ هەزار جونەیهی ئەسترلینی فرۆشت.

٧- رۆناڵدۆ زۆر بایەخی بە ئۆتۆمبێلی جۆری ئۆدی ئار ٨ دەدا.

٨- لە ساڵی ٢٠٠٨ رۆناڵدۆ ئۆتۆمبێلێکی جۆری فیراری ٥٩٩ جی تی بی بە بڕی ١٨٠ هەزار جونەیهی ئەسترلینی کری، لە شاری مانچستەر تووشی رووداوی ئۆتۆمبێل بوو.

٩-رۆناڵدۆ ئۆتۆمبێلی مرسیدس بینز سی ٢٢٠ سی دی ای بە بڕی ١٠ هەزار جونەیهی ئەسترلینی فرۆشت.

١٠-لە ساڵی ٢٠٠٩ وێنەیەکی تایبەتی رۆناڵدۆ لە وڵاتی ئیسپانیا گیراوە، کاتێك ئۆتۆمبێلی ئۆدی ئار ئیس ٦ پێبوو.

١١-لە ساڵی ٢٠٠٨ رۆناڵدۆ ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆدی کیو ٧ کریوە و بەشداری لە ئاهەنگی تایبەتی ئەم کۆمپانیایە کردووە.

١٢-رۆناڵدۆ ئۆتۆمبێلی بۆگاتی فیرۆن کریوە.

١٣-رۆناڵدۆ ئۆتۆمبێلی ئەستۆن مارتین دی بی ٩ بە بڕی ١٣٠ هەزار جنیە ئەسترلینی کریوە.

١٤-لە ساڵی ٢٠٠٦ ئۆتۆمبێلی جۆری بی ئێم دەبلیۆ ئێم ٦ کریوە.

١٥-لە ساڵی ٢٠٠٧ ئۆتۆمبێلی پۆرش کابین کریوە.

١٦-لە ساڵی ٢٠٠٩ رۆناڵدۆ ئۆتۆمبێلێکی بە بڕی ٨٠ هەزار جنیە ئەسترلینی کری جۆری ئۆدی ئار ئێس ٦.

١٧-رۆناڵدۆ ئۆتۆمبێلێکی جۆری لامبرۆجینی ئەفینتادۆر بە بڕی ٢٠٠ هەزار جنیە ئەسترلینی کری، بەڵام دوای مانگێك تێکچووە.

١٨-لە ساڵی ٢٠١١ لە پۆرتوگال ئۆتۆمبێلێکی جۆری فیراری جی تی ئۆ ٥٩٩ کریوە.




## ڕاژان قادر
## یاریزانی تۆپی
## فوتساڵی ئافرەتانی
## هەولێر:

# یاریی فوتساڵ لە نێو ئافرەتاندا لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە

دیمانە: کارزان کانەبی

**ڕاژان قادر کچە یاریزانی تۆپی فوتساڵی یانەی ئافرەتانی یانەی هەولێرە یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی شارەکەو یانەی ئافرەتان لە ئێستادا سەرقاڵی پاڵەوانێتیی فوتساڵی یانەکانی کوردستانە، لە ماوەی ڕابردوودا توانیویەتی چەندین ئەنجامی بەرچاو لەسەر ئاستی کوردستان لەگەڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر بەدەست بهێنێت، ناوبراو لەدایك بووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری هەولێرە،ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



***ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینی لە کوردستان ؟**

-ئاستی ئەم یارییە لە ئێستادا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە بەهۆی بوونی چەندین یانە لە شارەکانی کوردستان، لەو بڕوایەشم ساڵ بەساڵ باشتر دەبێت و ئاستی بەرەو پێشتر دەچێت، تەواوی یانەکانی کوردستان گرنگی بەم یارییە دەدەن.

***ئاستی پاڵەوانێتیی فوتساڵی یانەکانی کوردستان ئەم ساڵ لەچ ئاستێکدایە؟**

- ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەرزە و یانەکانیش زۆر بەهێزن و ئاستیان باشە، هەندێکیشان ئاستیان زۆر لێك نزیکە ئەمساڵیش بەش بەحاڵی خۆم خۆشحاڵم بە ئاستی ئەم پاڵەوانێتییە.

***ئەی ئاستی ئەم یارییە لە شاری هەولێر چۆن دەبینیت؟**

- من لە ئێستادا گەشەبینم بە ئاستی ئەم یارییە لە شارە خۆشەویستەکەمان، چونکە یانەکان گرنگی باش بە ئاستی کچان دەدەن بەش بەحاڵی خۆشمان یانەکەمان تاکە یانەیە کە گرنگی تەواو بەم یارییە دەدات.

*** چی بکرێت باشە بۆبەرەوپێش چوونی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان؟**

- پێم باشە خولی بەردەوام بکرێتەوە بۆیاریزانان بۆ ئەوەی ئاستیان هەر لە پێشوەچووندا بێت، یاریگای تایبەت و گرنگ هەبێت بۆ کچە یاریزانەکان لەو بڕوایەدام دەتوانن باشترین ئاست پێشکەش بکەین.

*** هەستت ناکەیت یاریزانی کچ، کەم بەشداری ئەم یارییە دەکەن ؟**

-پێشتر وابوو، بەڵام لە ئێستادا ئاستی ئەم یارییە زۆر بەرەو پێش چووە وکچان زیاتر ڕوو لە وەرزشە جۆراوجۆرەکان دەکەن.

***کێشەو گرفتان لەم یارییەدا چییە ؟**

- لە یانەی ئافرەتانی هەولێر تەنیا پێویستمان بەهۆڵی داخراو هەیە چونکە کە دەبێتە باران و یاخود لەبەر تیشکی ڕۆژ مەشق دەکەین، بۆیە داواکارین گرنگیمان پێ بدەن و ئەم کێشەمان چارەسەربکەن.

*** خێزان ڕێگریت لێ ناکات لە وەرزش کردن ببێتە هۆی دابڕانت لەوەرزش؟**

-نەخێر چونکە من بە شێوەیەکی گشتی کاتەکانی خۆم دابەشکردووە.

***بەچ یاریزانێك زۆر سەرسامی لەجیهان؟**

- بە ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین ویانەی بەرشلۆنە و میسی، هەمیشە لاسایی ئەو دەکەمەوە.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشوانێك چییە ؟**

-هیوام وایە بتوانم ئەنجامێکی شایستە لەم یارییە بەدەست بهێنم، ببمە جێگای متمانەی یانەکەم و ئاستی خۆم زیاتر بەرەو پێش ببەم.

***یانەی ئافرەتانی هەولێر هاوکاریتان دەکات؟**

-بەسوپاسەوە هاوکاری بەردەوامان دەکەن لەگشت ڕوویەکەوە.

***داواکاریت بۆیەکێتیی تۆپی پێی کوردستان؟**

-داواکارین بەردەوام هاوکاریمان بکەن وخولمان بۆبکەنەوە، بەشێوازی خول بێت زۆر باشترە بە چوون وهاتن.

***بەڵێنی چی بەهاندەرانی یانەکەت دەدەیت؟**

-پشتیوان بەخوای گەورە دەتوانین نازناوی خولەکە بەدەست بهێنین و یانەی ئافرۆدێتیش ڕکابەرمان دەبێت

***ئەگەر شتێکت لە کۆتاییدا مابێت؟**

-دەمەوێت سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم هاوکاریی یانەکەمان دەکەن.

# ریدبۆل بووە پاڵەوانی جیهان لە پێشبرکێی فۆرملا وندا




هەفتەی رابردوو بەفەرمی شۆفێری تیپی رید بۆل ئەڵمانی سبستیان فیتل توانی بۆ جاری سێیەم نازناوی جیهان لە پێشبرکێی فۆرمیلا ون بە دەستبهێنێت بە جیاوازی سێ خاڵ لەگەڵ شۆفێری تیپی فیراری فرناندۆ ئەلۆنسۆ، لە هەمان کاتدا تیپی رید بول نازناوی جیهانی لە دروستکردنی ئۆتۆمبێل-ی فۆرمیلا ون وەرگرت، بۆ ئەم مەبستە بەڕێوەبەری تیپی رید بول ستایشی سبستیان فیتڵی کرد و گوتی: هەرچەندە بۆ جاری سێیەم نازناوی بە دەستهێنا، بەڵام سبستیان فیتڵ دەتوانێت زیاتر پێشکەش بکات و ئەزموونی زیاتر دەبێت.

لە درێژەی قسەکانیدا بەڕێوەبەری رید بول روونی کردەوە کە تیپەکەیان بەشێوەیەکی گشتی وەکو تیپ کاریان کرد و توانیان ئەم نازناوە گەورەیە بە دەستبهێنن.

لە کۆتایی قسەکانیدا بەڕێوەبەری تیپی رید بول گوتی: بە بۆچوونی خۆم رۆیشتنی لویس هامیلتون لە تیپی ماکلارین مرسیدس، دەبێتە هۆکاری لاوازبوونی تیپەکە، چونکە هامیلتون یەکێکە لە شۆفێرە بە تواناکان و دەتوانێت لە هەر کاتێکدا ئاستی تیپەکە بگۆڕێت.



# نینی ئاشقی پاریس سان جێرمانە

یاریزانی یانەی پاریس سان جێرمان بەرازیلی نێنی دوای ئەوەی لە یاریزانێکی سەرەکیی یانەکە بووە یاریزانی یەدەگ، زۆربەی چاودێران پێشبینی ئەوەیان دەکرد ئەم یاریزانە یانەکەی لە گواستنەوەی زستانە جێبهێڵێت روو لە یەکێك لە یانەکانی دیکە بکات، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو نێنی لە لێدوانێکیدا تەئکیدی لەوە کردەوە ئامادە نییە یانەکە جێبهێڵێت و لە یانەی پاریس سان جێرمان بەردەوام دەبێت و گوتی: من لەم یانەیە بەردەوام دەبم، چونکە ئەم شارە و یانەکەم خۆش دەوێت گرێبەستی نێنی لە مانگی ٦ی ساڵی داهاتوو کۆتایی دێت، بەڵام چاوەڕوان دەکرێت هەردوو لا رێکبکەون بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکە.

لە کۆتایی قسەکانیدا نێنی گوتی: ئەوەی روو بدات هەر روودەدات و یانەی پاریس سان جێرمان بڕیاری کۆتایی لەسەر مانەوەم یاخود رۆیشتنم دەدات.

جێگەی باسە نینی ماوەی سێ ساڵە لە ریزی پاریس سان جێرمان یاری دەکات لە کۆی ٧٠ یاری ٣٥ گۆڵی تۆمارکردووە.




# بۆڵت و فلێکس باشترینەکانی ساڵی ٢٠١٢-ن لە گۆڕەپان و مەیدان

یەکێتیی گۆڕەپان و مەیدانی نێودەوڵەتی لە ئاهەنگێکی تایبەتدا باشترینەکانی ساڵی ٢٠١٢ ی دەستنیشان کرد لەسەر ئاستی کوڕان و کچان، کە تێیدا ئەستێرەی جیهانی و جامایکی ئەسین بۆڵت بە باشترین یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی کوڕان دەستنیشانکرا دوای ئەوەی توانی لە ئۆلۆمپیادی لەندەنی ٢٠١٢ ملوانکەی زێڕ لە راکردنی ١٠٠م و ٢٠٠م و راکردنی ٤*١٠٠م پۆستە بە دەستبهێنیت.

ئەمە چوارەمین جارە ئەسین بۆڵت نازناوی باشترین یاریزانی جیهان بە دەست دەهێنێت دوای ئەوەی لە ساڵەکانی ٢٠٠٨-٢٠٠٩-٢٠١١-٢٠١٢ بە دەستیهێنا.

لەسەر ئاستی کچانیشدا، کچە یاریزانی هەڵبژاردەی ئەمەریکا فیلکس نازناوی باشترین یاریزانی ئەم ساڵی وەرگرت بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا دوای ئەوەی توانی لە راکردنی ٢٠٠م و راکردنی ٤*١٠٠ و راکردنی ٤*٤٠٠م پۆستە ملوانکەی زێڕ بە دەستبهێنێت.

لە لایەکی دیکەوە یاریزانی کینی دیڤید رۆدیشا خەڵاتی باشترین دەستکەوتی ساڵی ٢٠١٢ی بە دەستهێنا دوای ئەوەی توانی ملوانکەی زێڕ لە راکردنی ٨٠٠م لە ئۆلۆمپیادی لەندەن بە دەست بهێنێت لەگەڵ تۆمارکردنی ژمارەی پێوانەیی.

و لەسەر ئاستی کچان تیپی راکردنی ٤*١٠٠م بەربەستی ئەمەریکی خەڵاتەکەی بە دەستهێنا.

بەڵام یاریزان ئەریس مێریت خەڵاتی وەرزشوانانی نموونەیی بە دەستهێنا دوای توانی لە راکردنی ١١٠م بەربەست ملوانکەی زێڕ بە دەستبهێنێت و ژمارەی پێوانەیی تۆمار بکات، هەروەها لە وەرزی ئەمساڵدا لە رکابەرییەکان تووشی هیچ شکستێك نەهاتووە.

خەڵاتی یاریزانی لاو یاخود یاریزانی سەرکەوتوو لەسەر ئاستی کوڕان درایە یاریزانی ترینداد و تۆباگۆ کیشۆرن والکۆت، کە توانی نازناوی جیهان لە هاوێشتنی رم بە دەستبهێنێت و لەسەر ئاستی کچانیش کچە یاریزانی بەهاماسی ئەنتۆنێك ستراکان ئەم نازناوەی بە دەستهێنا،دوای ئەوەی توانی پلەی یەکەم لە راکردنی ١٠٠م و ٢٠٠م بە دەستبهێنێت و لە کۆتاییدا راهێنەری جامەیکی گلین مێلز خەڵاتی باشترین راهێنەری لە وەرزی ٢٠١٢ وەرگرت دوای ئەوەی توانی چەندین یاریزانی ئاست بەرز دروست بکات.



# هۆکاری جیابوونەوەی شارەپۆڤا و هاوڕێیەکەی چییە؟



دوای ئەوەی وا بڕیارە بوو لە مانگی داهاتوودا ئاهەنگی گواستنەوەی یاریزانی بەناوبانگی تێنسی سەر زەوی رووسی ماریا شارەپۆڤا و ئەستێرەی تۆپی باسکەی رووسی و پێشووی یانەی لۆس ئەنجلۆس لێکرزی ئەمەریکی و ئێستا لە خولی تورکیا یاری دەکاتساشا ئەنجام بدرێت، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هەردوو لا جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند.

بەپێی سەرچاوە نزیکەکانی ماریا شارەپۆڤا، شارەپۆڤا دڵنیایە، کە یاریزان ساشا بەم پەیوەندییە بووە کەسێکی ناسراو، هەروەها لەسەرەتای پەیوەندییەکەی نێوانیان ساشا هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵام دواتر کەسایەتیی ساشا بەشێوەیەکی زۆر سەیر گۆڕا و بۆ ماوەی ١٠ مانگ بەبێ هیچ هۆکارێك پەیوەندیی بە شارەپۆڤاوە نەکرد.

ساشا لە ساڵی ٢٠١٠ داوای گواستنەوەی شارەپۆڤا-ی کرد و ئەلقەیەکی بە بڕی ٢٥٠ هەزار دۆلار پێشکەش کرد.

لە لێدوانێکیدا شارەپۆڤا گوتی: راستە پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوان هەردوو لامان کۆتایی هات، بەڵام ئێمە دوو هاوڕێی نزیکی یەکترین و رێز لە یەکتر دەگرین و هۆکاری جیابوونەوە بۆ زۆریی کاری وەرزشی هەردوو لا و رۆیشتنی ساشا لە ئەمەریکا بۆ خولی باسکەی تورکی دەگەڕێتەوە.

